



# دڵدار و وتار
# زمان و نوێخوازی

نەجات حەمید ئەحمەد

لە زانستە زمانەوانییەکانی بنیاتگەریدا، هەر جۆرێکی ئەدەبی خاوەنی پێکهاتێکی تایبەتی خۆیەتی لە کرۆک و ناوەرۆکی گوتاردا. گوتار جگە لە پێناسە زمانەوانییەکەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئاخاوتنەوە کە درێژبوونەوەیەکی زارەکیی هەیە لە نووسینە ئەدەبییەکاندا، لەو کاتەی گوتار بەلایەنی زانا بنیاتگەرەکانەوە گواستنەوەی ماناو ئاماژەیە لە بارێکی ئاسایی نووسینەوە بۆ بارێکی دیکە کە لە کایەکانی ئاماژە و مانادا پۆلێن دەکرێ بەتایبەتی لە جۆری چیرۆکنووسیندا، ئەوا گوتار پەیوەست بە نووسینە پەخشانییەکانی دیکەوە کرۆکێکی زمانەوانی لە مانادا هەڵدەگرێ کە لەپشتەوەی هەر گوتراوێکەوە، کۆمەڵێک دەلالەتی مانا جیاوازو یەک ئاراستە هەیە کە لە خزمەتی بابەت و ناوەرۆکی گوتراوەکان دەبن.

لە زمانی کوردیدا کرۆکی یا گەوهەری ئاخاوتن لە کۆمەڵێک وشەی جیاوازدا بەدی دەکرێ هەروەک وشەکانی:

- ئاخاوتن- ئاخافتن- ئاخافت- ئاخافتە
- وتن- وتە- وتەکان- وتار- وتیار
- قسە- قسەکردن- قسەکان
- زمان+ ی- زمانی شیرین- زمانی پاراو- زمانی پیس (Pejoratif)
- گۆت- گۆتن- گوت- گوتن- گوتراو- گوتار
- دوا- دەدوێ- دواندن

جوداکردنەوەی دەورەکانی هەریەک لەم وشانە لەلایەنی وەزیفییەوە پەیوەست بە وشەی «خطاب- خطابة»ی عەرەبی و «discours»ی فەرەنسی، بەجیا لە وەزیفەی ڕێزمانییان، هەریەک لەو وشانە ئاڵوگۆڕیی دەوریان لە نێواندایە و دەکرێ بڵێین «گوتار- وتار، قسە- دوان- ئاخافتن» لە بنەڕەتەوە دەربڕین لە هاتنە گۆیەکی زارەکییانەی «گوتار بێژ و وتار بێژ و قسەکەر و دوێنەرو

ئاخافتەکار» دەکەن کە هەموویان دەوریان لە گەیاندنی مانایەک یا چەند مانایەکی جیاواز و یەک ئاراستە دەکەن هەروەک چەند یەکەیەکی مانا، بەبێ گەڕانەوەو مامەڵەکردنێکی زۆر لەگەڵ ئاماژەو خوڵقاندنی ئاماژە پێکردندا. (دڵدار)ی شاعیرو نووسەر یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی مێژووی نووسینی کوردی کە لە هەموو نووسینەکانیدا وشەی «وتار» بەکار دێنێ و لە هەر بەکارهێنانێکیشدا ئەو لەو گەوهەرو وەزیفە دەلالەتدارەی گوتار هاو ئاراستە دەبێت، دڵداری شاعیر وتار بە کۆمەڵێک گوتە و ڕستە بەکار ناهێنێ، هەر وەکو چۆن بە چۆنێتی قسەکردن و ئاخاوتنێک بەکار ناهێنێ کە هەر گوتەیەکی زمانەوانی بن، بەڵکو (گوتار) یاخود وتار لەلای ئەو کۆمەڵە یەکەیەکی مانایە کە لە پەیوەستێکی یەکگرتووی ئامانجدار و گەیێنەردان کە بە تەنیا یاخود پێکەوە مەبەستێک، یا چەند مەبەستێک دەگەیێنن کە وەک تاقگەیەکی مانا دەرژێنە یەک سەرچاوەی مانای گشتییەوە کە زۆر نزیکە لە هەڵوێست و دنیا بینیی وتاربێژ و مەرجیش نییە گوتاربێژ لە زمانی کەسی یەکەمەوە بەم کردارە زمانەوانییە هەڵسێ، بەڵام دەشێ گێڕەرەوەیەک، هەقایەت خوانێک، بە زمانی کەسی دووەم بەم کردارە هەڵسێ، لە مەشدا کەسی یەکەم ئەو کەسەیە کە گوتەکانی یا وتەکانی لەلایەن کەسی دووەمەوە دەگێڕدرێتەوە کە مەرجیش نییە کەسی دووەم لەگەڵ ئەو هەڵوێست و دنیا بینی و بیرانەی کەسی یەکەمدا هاو ئامانج بێ، لێرەوە نزیکییەکی مانا هەیە لە بەکارهێنانی وشەکانی «قسە» و «وتار»، دڵداری شاعیر دەورەکان و وەزیفەکانی وتار دەباتە ئەو دیوی سنوورەکانی قسەکردنەوە، لەو کاتەی قسە هەموو کاتێک مانای زانراو وەکو یەکەی سەربەخۆیی ڕستەو جۆرەکانی ناخاتە هاتنە گۆوە بەو پێیەی کاتێک دەڵێین «قسەکانی فلانە کەسم نەچووە مێشکەوە» یاخود «لە قسەکانی نەگەیشتم» یا «زۆر قسەی لەسەر ئەم بابەتە کرد... تاد» هەموو کاتێک ئەم جۆرە بەکارهێنانانەی وشەی «قسە» پێناسێک دەبن بۆ زانراوەکانی پێشوو کە لەشێوەی بیرو باوەڕو گوتراوی پێشینەدا دەربڕینیان لێکراوە، ئەم ڕاستییە لەسەر وشەکانی «ئاخاوتن و گوتن و وتنیشدا دەچەسپێ ئەمەش جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ڕستەی «فلانە کەس لە وتارم... وتارەکانم» دەگات، چونکە لێرەدا وتار مانای کۆمەڵە قسەیەک نانوێنێ کە پچڕ پچڕو نەزانراو بن بەڵکو مانایەک یا



کۆمەڵێک مانا دەنوێنێ کە دەربڕین لە جیهانبینیی کەسەکە یا گوتار بێژەکە دەکات، گوتار یاخود وتار قەتاوقەت دەربڕین لە ئاخاوتنێکی نەزانراو ناکات لە بەکارهێنانی سەربەخۆی خۆیدا، بەڵکو دەربڕین لە ئایدیال و کۆمەڵێک بیرکردنەوەو وردبوونەوەی بە دووی یەکدا هاتوو دەکات کە لەسەرجەمدا دنیا بینی و هەڵوێست و باوەڕەکانی کەسێک یا گوتار بێژێک دەردەخات، لێرەوە نوێخوازیی دڵداری شاعیر لەبەکارهێنانی «وتار» وەک کۆمەڵە باوەڕو جیهانبینییەکی کەسایەتی شوێنی سەر سوڕمان و لێکدانەوەیە، کە بە داخەوە بە ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو سەردەمەی دڵداردا بەهۆی زاڵبوونی عەقڵییەتێکی زمانەوانیی بەلۆژیککراو و وشککراو ئەم بەکارهێنانە لە زمانی کوردیدا بزربوون، هەروەک زۆر لەو وشە نازدارانەی شاری هەولێر کە ئەمڕۆکە تاک و تەرایان لە زمانی تاک و تروکی ڕۆشنبیراندا گوێمان لێیان دەبێ.

بابزانین ئەم ڕاستییانە چۆن لە پشتەوەی بەکارهێنانی وشەی «وتار»ەوەن کە دڵداری نووسەرو شاعیر بەکاری هێناوە.

دڵدار لە یاداشتەکانیدا دەنووسێ «ئاسەف لێمی پرسی تۆ چیت، پاش گفتوگۆیەکی زۆر کە هیچی لێ تێ نەگەیشتم بەڵام یەک شتی لە عەقیدە و ئیدیعا گۆڕیم کە ئەویش لێیان پرسیم تۆ چیت.. بڵێم من کوردم... دووسێ سەعات لەژێر تەئسیری ئەم وتارانە مامەوە.

وشەی ئەم وتارانە چەند قسەیەکی لابەلا و پچڕ پچڕ و یەک نەگرتوو نین، بەڵکو ئاسەف کە یەکێک بووە لە منەوەرەکانی شاری هەولێر ویستوویەتی باس لە مەسەلەی کوردبوون و هەڵوێست وەرگرتن لە کوردبوون بۆ دڵدار بکات، لە پاشان ئەو گوتانە کە لەسەرجەمدا کۆمەڵێک مانای یەک ئاراستەیین هەروەک پێشنیار کردن و داوەت کردنێکە بۆ باوەڕ هێنان بەو بیرو ئایدیالە سیاسییانە کە ئەمەش گەوهەری وەزیفەی وتارە لێرەدا
[وتار= کۆمەڵێک مانا= جیهانبینی]

دڵدار دەنووسێ «زۆرجاران نەسیحەتی جاهیدم دەکرد کە جەوهەری ئەدەبیی خۆی بەم سەفاهەتە نەکوژێنێتەوە، ئەدەب بەبێ سەقافەت چ قیمەتی نییە، ڕووبداتە خوێندن، زۆر ئەم وتارانەی منی لا مەرغووب نەبوو بەڵکو ئەیوت حەیات فورسەتێکە زۆر بە قیمەتە بە خەفەت و مێشک مەشغوول کردن لە دەست خۆمانی بەدەین جارێکی تر حەیات ناگەڕێتەوە» تاد.



لێرەدا وتار بەجارێک دوو جیهانبینی لێکتر جیاواز و دژ بەیەک دەنوێنێ، بەبێ ئەوەی وەزیفە سەرەکییەکەی خۆی لە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک مانای هەر جیهانبینییەک لەیەک بۆچووندا بدۆڕێنی. وتەکانی دڵدار دەربڕین لە بۆچوونێکی سەرەکی دەکەن کە دەتوانین بە ڕستەیەک چڕی کەینەوە، ئەویش ئەوەیە «داواکاری بۆ گۆڕانکاری جیهانبینییە» وتەکانی جاهیدیش دەتوانین لەیەک ڕستەی کورتکراودا دەربڕینییان لێ بکەین و لەیەک دەلالەتدا ماناکانی جیهانبینی ئەو کۆکەینەوە ئەویش ئەوەیە «ژیان کاتییە بەشی وەستان و گۆڕان ناکات» ئەم دوو جیهانبینییە ئەگەرچی زۆر هەڵدەگرن، بەڵام پەیوەست بە وتارەوە، وتار دەلالەت لە تێڕوانینێکی کەسایەتی دەکات بۆ ژیان کە بەم شێوەیە چڕی دەکەینەوە.

[وتار= دوو جیهانبینی= دژ بەیەک بوون= گۆڕان]

کە پاش چڕکردنەوەی هەموو ئەم دەلالەتانە:

[وتار= بیری ڕاگەیاندراو]

گرنگی ئەم بەکارهێنانەش وتار قسە کردنێک نییە کە نەچێتەوە سەر سەرچاوەیەک کە بەجارێک ماناکانی جیهانبینییەکی دیاریکراو هەڵنەگرێ، بەڵکو دەچێتەوە سەر کۆمەڵە مانایەک کە هەر یەک لە پێکهاتی خۆیاندا دەخزێنە یەک سەرچاوەی ماناوە کە تێڕوانینی گوتاربێژو گوتار ئاراستە کراوە کە ئەمەش دەلالەتێکی زمانەوانی و بنیاتگەراییانەی نوێخوازی ئەم بەکارخستنەی وتارە لەلایەن دڵدارەوە.

دڵدار دەنووسێ «زۆرجار مەلا هەمزەی موختار کە لە کاتی خۆی سیپارەی خوێندبوو، هەستم کردبوو کە بەس مەلا هەمزە لە وتارەکانم دەگات».

گرفتی گەیشتن لە وتن لە لایەن مەلا هەمزەوە کە توانیویەتی حەرف لێک کاتەوە نەگەیشتن نییە بە ماناکانی ڕستەکانی دڵدار، بەڵکو گرفتەکە تێگەیشتنە لەو بیروباوەڕانەی کە دڵدار لە چوارچێوەی ڕستەکانیدا.... کۆمەڵێکی زۆرو زەبەندی ڕستەی ماندار بەرهەم دێنێ و ئەو ڕستانەش لەسەرجەمدا دەربڕین لە جیهانبینی دڵدار دەکەن، لێرەدا وتار بریتییە لە کۆمەڵە گوتراوێک لە مانای جیاواز و یەک ئاراستە و یەکگرتوو کە لەسەرجەمدا دەربڕین لەیەک جیهانبینیی دەکات هەر بۆیە وتارەکان و وەزیفەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە چڕ دەبێتەوە:

[وتارەکان= کۆمەڵێک بۆچوون= جیهانبینی]

دڵداری شاعیر دەنووسێ «ئەو ڕۆژەی کە موتەسەریفی تازە ئەحمەد تۆفیق بەگ، زیارەتی مەکتەبی کرد، چەند وتارێکی دا ئەم وتارانەی موتەسەریف قوتابیە کوردەکانی لە هەست بەبێ کەسی کردن ڕزگارکرد».

لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێ [مودیر وداد ئەفەندی هەردووکیان خوتبەیان دا، لە خوتبەکەیان ئەمەیان بەیان کرد.... تاد]

لە هەردوو ڕستە بەرچاو خراوەکانی بڕگەکاندا جیاوازییەک نییە لە نێوان «وتاردان- خوتبەدان»، لەیەکەمیاندا وتار دەربڕین لە چەند قسەیەک دەکات کە هەر «قسە- وتار»ێک مانایەکی سەربەخۆ هەڵدەگرێ، هەروەکو چۆن «خوتبە- قسە» لەلایەن دووکەسی جیاوازەوە چەند مانایەکی سەربەخۆ هەڵدەگرن کە لە سەرجەمدا لە پێناوی بەیانکردن و ئاشکرا کردنی مەبەست و مرازێکدا نووسراون، کەواتە وتار هۆیەکە بۆ ئاشکراکردن و ئاراستەکردنی کۆمەڵە مانایەک کە لە پێناوی یەک مەبەستدا گوتراون، گوتار بێژ ئەو کەسەیە کە کۆمەڵێک وتار «وتارێک- یا چەند وتارێک» دەدا و لە سەرجەمدا ئەو یەکانەی مانا لە پێناوی مانایەکی سەرەکیدا بەکار خراون کە دەتوانین بەم شێوەیە دەربڕینیان لێ بکەین: [وتار= خوتبە ـــــ یەکەکانی مانا= مەبەست و ئامانجێک] دڵدار دەڵێ «هەندێکیش دەڵێن زوبانی کوردی دواکەوتووە، لە جێگایەکی کەش ئەفەرموون ئەدەبیاتی کوردی بەرزە، ئەم دوو وتارە پێچەوانەی یەکترین... تاد»

دڵداری نووسەر لە ڕێگەی وتارەوە دوو بیروڕای جیاواز دەخاتە ڕوو، وتار لە گەوهەردا وەک هەڵوێستێکی کەسایەتی دەکەوێتە ڕوو کە لە بنەڕەتەوە دەلالەتێکە بۆ کۆمەڵێک بیروڕای یەکگرتوو سەبارەت بە مەسەلەیەکی دیاریکراو، ڕووبەڕووکردنەوەی وتارەکان لە هاودژیی مانایان بەڵگەیەکە بۆ ئەو ناوکەی مانا کە لە بنیاتی زمانەوانیی خۆیدا سنوورو وەزیفەکانی وتار پەیوەست بە ماناوە دیاری دەکات، کە زۆر جار باس لە وتار دەکرێت بەوە پێناس دەکرێ کە وتارەکە سەبارەت بە فڵانە بابەتە یاخود دەگوترێت زۆر قسەو وتە کرا گرنگەکەیان فڵانە بابەت بوو ئەم بڕیار یا ئەم داوایە یا ئەم پێشنیارەی تێدا کرا، وتار هەمیشە کۆمەڵە مانایەک دەخاتە ڕوو کەتیایدا زۆرینەی وتراوەکان وەک پاساو و بەڵگەو ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەو پێناس و



پێناساندنێکن بۆ تەوەرێکی سەرەکیی مانا کە هەر ئەو مانایەیە کە لە پێناویدا گوتاربێژ هەموو هەوڵەکانی دەخاتە کارو دەیەوێ کەمترین ناڕەزایی و بەرپەرچ دانەوە و ڕەخنە لە ناوەڕۆکەکەی بگیرێ و زۆرترین کەس، یاخود کەسی بەرامبەر باوەڕ بە قسەکانی بکات.

دڵدار دەڵێ (بۆ ئەوەی بە ڕێگایەکی ڕاستەو دوو ڕاستەقینە ئەم وتارانەی سەرەوەت پێشکێش بکەم پێویستە ئەوەندە یارمەتیم بدەی....)

لەم گوتراوانەدا دوو ڕاستی هەیە، یەکەمیان وتار ناونان و پێناسێکە بۆ کۆمەڵە وتراوێک کە چەند مانایەک هەڵدەگرن دووەمیان وتار لە ناوەڕۆکدا و هەموو کاتێک ڕوون و ئاشکرا نییە کە خوێنەر یەکسەر لە ماناکانی بگات، دڵداری شاعیر بۆ تێگەیشتنی بەرامبەر لە گوتراو و وتەکانی، بۆ زانین و هەزمکردنی ئەو مانایانەی وتراوەکانی هەڵی دەگرن، داوای یارمەتیی بەرامبەرەکەی دەکات، چونکە وای پێدەچێت دڵدار بە چاکی لەوە گەیشتووە کە وتار لەسەرجەمی گوتراوەکانیدا کار بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی بابەتەکانی خۆی دەکات کەواتە وتار لە پێکهاتی مانادا یەکەیەکی مانای ئاشکراکراو نییە، نیازو مرازێکی بەرجەستەکراو نییە، بەتایبەتی کاتێک وتار دەسەڵاتی قەدەغە کردن و سنوور دانانی وتراوەکانی لە پشتەوە بێ، وتار لە بەردەم ئەم حاڵەتانەدا کۆمەڵێک مەدلوولی دەبێت کە هەر یەکەو چەند ئاماژەو هێماو بەکارخستنێکی ڕەوانبێژییان لە پشتەوەیە، هەموو ئەم کەرەستە زمانەوانییانەش لە پێناوی خزمەتکردنی تێگەیشتنێکە لە وتار کە ماناکانی خۆی پەردەپۆش دەکا. کەواتە دەتوانین ئەم لایەنانەی وتار چڕکەینەوە بەوەی: [وتار= کۆمەڵێک مەدلوول= مەبەستێکی دیاریکراو].

دڵدار دەنووسێ:

١- بۆ ئەوەی وتارەکەمان بەسوورەتێکی ڕێک بێتە خوارەوە جوابی.... تاد

٢- دە سەیری ئەم سێ زوبانە بکەن کە هەرسێکیان دراوسێی یەکترن چەند لەگەڵ یەکتر لە ئوسلوبی وتاریاندا جیاوازن.... تاد.

٣- پێش و پاش کردنێکی وەها کە نەک بڵێم ڕەونەقی نووسینەکانیان بردووە، بەڵکو لە شێوەی وتاری کوردی شۆڕاندووە.

٤- «من ژینی تەنیا حەز لێ ناکەم، ئایا مرازی نووسەر لەم وتارەیا ئەبێ چی بێ؟

٥- ئاینەکان ئەڵێن کە تیرەی ئادەمیزاد لە مەخلوقاتی تر بەرزترە...

بەڵام ئەم وتارە.... تاد

هێڵی سەرەکی لە نێوان هەموو ئەم بەکارهێنانانەی زاراوەی وتار، بە ئاشکرا دیارە کە سنوورێکی دابڕاو نییە لەنێوان وتارو ئاخاوتن و گوتن و قسەکردن تەنها لەو بارە زمانەوانییەوە نەبێ کە وتار لەوێدا لە قسەکردن جیادەبێتەوە کاتێک وتار مانایەکی دەلالەتدار و چڕوپڕی گەورەتر لە قسەکردن دەگرێتە خۆی بەو پێیەی وتار هەروەک وتمان شمولیەتێکی بەرفراوانی هەیە لە هەڵگرتنی کۆمەڵێک مانای جیاواز و وەکو یەک و دژ بەیەک و یەک ئاراستە و ئاراستە جیاواز دەگرێتە خۆی، وتار لەم حاڵەتەدا وەک جۆرێکی ئەدەبیی سەربەخۆ و کامڵ لە ڕەگەزەکانیدا دەکەوێتە ڕوو کە لە دەرەنجام و بنەماو پێکهاتەکانیدا وەک جۆرێکی ئەدەبیی چێژ بەخش و کاریگەر دەکەوێتە ڕوو دەچێتە خانەی جۆری پەخشانەوە، کە نەک تەنها پەیوەستە بە بارە ئەدەبییەکەوەی، بەڵکو لە فراوانیی جۆرو شێوازەکانیدا پەل بۆ هەموو جۆرە بەشەکانی دیکەی نووسینی زانستی و هونەری و فیکری و فەلسەفی دەبات.

دڵداری شاعیرو جوانەمەرگ، دڵداری زمان شیرین، گەر مەرگی زۆردار لە هەرەتی پێگەیین و کامڵبووندا یەخەی نەگرتایە، دڵنیام لەوەی دەبووە یەکێک لە ڕەخنەگرو نووسەرە هەرە ناودارەکانی مێژووی ئەدەبیمان، ئەو بەسەرهاتانەی کە وەک سەرگوزشتەیەکی ژیانی نووسیویەتیەوە زۆرترین هونەرەکانی «وتار»ی تێدا بەکارهێناوە، چونکە ئەو شارەزایی لە مێژووی فەلسەفە و سیاسەت و هونەری جیهانی هەبووە و لەم شارەدا ئەو نووسەرە منەوەرو ئەکادیمییە بووە کە بەسەر زۆر لە داب و دەستوورو کولتوورە قەدەغەکارەکانی سەردەمی خۆیدا زاڵ بووەو کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری و سیاسیی نموونەیی تازەگەری نواندووە. لە نووسیندا دڵداری شاعیر خاوەنی بۆچوون و دیدێکی زانستی و لۆژیکی بووەو قەت ئەوەی لەبیر نەچووە کە هەموو ئەو ڕەگەزانەی وتار دەوڵەمەند دەکەن لە چوارچێوەی زمانێکی ڕۆمانسیدا بیانخاتە ڕوو سوودیان لێ وەرگرێ.

کە یەکێکە لەو کەسە دەگمەنانەی چ لە ڕووە سیاسییەکەیەوەو چ لە ڕووە ئەدەبی و هونەرییەکەوەی هەوڵی داوە خۆی لەو جۆرانە نزیک کاتەوە کە تازەگەر و نوێخوازن.